سپاس بۆ داواکارییەکەت سەبارەت بە تەرجەمە. هیوایە ئەم زانیارییانە بە سوود بن بۆتان. تکایە ئاگادار بن، گەرچی ئێمە زانیارییە کلیلییەکان بە زمانی جیا جیا رادەگەیێنین، بەڵام هەموو دەرس گوتنەوە و کەرەسەی وانەگوتنمان لە کۆلێج بە زمانی ئینگلیزییە.

**بەخێر بێن بۆ کۆلیجی کۆمەڵگایی گەورەساڵانی ساوث ئێندا**

لە دەرەتانی گەلێک باشی ئێمە کەڵکی تەواو وەربگرە و دەسکەوتێک لە سوودی خوێندن لە لای ئێمە وەدەست بهێنە. ئێمە کەرەسەی کۆمپیوتەریی هەرە پێشکەوتوو، بینایەی بە هاسانی دەست پێ ڕاگەیشتوو و مەسعەدە، مامۆستای دڵسۆز، خواردنی مومتاز و ژینگەیەکی گەلێک بە ئیستراحەتمان بۆ گەورە ساڵان هەیە بۆ ئەوەی تێیدا دەرس بخوێنرێت. هەروەها دەتوانین دەرەتانی چاوەدێری منداڵ لە شوێنەکە پێک بهێنین ئەویش لە باخچەی منداڵانمان کە بە تایبەت بۆ ئەم کارە دروست کراوە لە ناوەندی ساوث چرچ دا.
تکایە تەلەفون بکە بۆ ئەم ژمارەیە01702 614171 بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر وەربگریت.

ئێمە لە کۆلێجدا، هەوڵ دەدەین نیازی هەمەچەشنەی خوێندکارەکانمان بێنینە دی و لەوەش دڵنیا بین کە هەموو کەس بەشداری و هاوبەشیی کارەکان دەکات. دابین کردنی دەرتانی هاوچەشن بۆ هەموو خوێندکارەکان، بە بێ ئەوەی بارودۆخی ژیندەر، ئایین، لایەنی جنسی، تەمەن، توانای کەسەکان بگرینە بەرچاو، لە هەموو پرۆگرامێکی کۆلێجدا گونجێنراوە، چ بەرنامەی دەرس و خوێندن بێت و چ کاری کەلتوری.

کۆلێج شوێنێکە تێیدا هەموو خوێندکاران

- ڕێزی تەواویان لێ دەگیرێت
- هەست بە پێشوازی دەکەن
- بە شێوەیەکی دۆستانە هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکرێت
- دەرەتانی هاوبەشیان هەیە

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەموو چەشنە پشتگیری و کۆرسێکی تایبەتمەند بەوانەی وا کەمئەندام یا پەککەوتەن، و ئەو خەڵکانەی وا تەنگژەی فێربوونیان هەیە، تکایە پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونەوە:
01702 445700.

ئێمە ژمارەیەکی گەلێک زۆری کۆرسیاتمان هەیە لەم بوارانەی خوارەوەدا:

**هونەر، دەستکرد & چنین**
**کۆمپیوتەر**
**پارێزگاری منداڵ**
**ئیش و کارو بازرگانی**
**وانەی خواردن**
**باخەوانی و گوڵکاری**
**سەلامەتی و کەشی لەش**
**مرۆڤایەتی(مێژوو، جوغرافیا، ئەدەب & یاسا)**
**هونەری بەکردەوە**
**ریاضیات & زانست**
**راهێنان وNVQs**
**لێهاتوویی بۆ ژیان، وەک کۆرسی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەوانەی وا بە زمانێکی تر دەدەوین (ESOL)**

## ESOL

لەم کۆرسانەی **ESOL** دا دەتوانی تواناى قسەکردن، گوێڕاگرتن، خوێندنەوە و نووسینی زمانی ئینگلیزی پەرە پێ بدەی. ئێمە کۆرسیاتمان بۆ هەموو پێداویستیەک هەیە، وەک کۆرسی خێرا بۆ ئەوانەی وا پێویستیان بە فێربوونی خێرا هەیە.

واهەیە ئێمە بتوانین بە خۆڕایی لە پۆلەکاندا وەرت بگرن، ئەوەش وەستاوەتە سەربارو دۆخ و داهاتەکەت. تکایە مەوعیدێک لە گەڵ ڕێنومایی خوێندکاران دابنێ لە سەر ئەم ژمارە تەلەفونە: 01702 445710.

### فێرکردنی بنەماڵە

کۆلێج هەروەها بە درێژایی ساڵ کارگەی بابەتیانەی خۆڕایی بۆ بنەماڵەکان ڕێک دەخات بۆ ئەوەی لە گەڵ یەکتردا کاتێکی خۆشیان هەبێت. لەو کارگەیانەدا مۆسیقایەکی خۆشی تێکەڵاو، هەڵپەرکێ و هونەر ئاراستە دەکرێن- کە ڕێگایەکی گەلێک باشە بۆ ئەوەی لە گەڵ منداڵەکانتاندا کاتێکی خۆش بەرنە سەر و لە عەینی کاتدا هەندێ شت سەبارەت بە پەرەسەندنی منداڵ فێربن و ڕادەی زانیاریی خۆشیان بەرنە سەرەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە تەلەفون بکە بۆ ئەم ژمارەیە: 01702 445732

### ئەو پرسیارانەی وا بە بەردەوامی دەپرسرێن

ئەگەر ئەو کۆرسەی وا من پێم باشە، پڕ بووبێتەوە چ دەبێت؟
ئەگەر لەو کاتەدا کە فۆرمی داواکارییەکەی تۆ کاتێ گەیشتبێتە دەستمان کە پێشتر کۆرسەکە پڕ بوو بێتەوە(و تۆش ئاماژەت بە کۆرسێکی جێگر نەکردبێت)، ئێمە بە خێراییەکی گونجاو ئاگادارت دەکەینەوە. ناوت دەکەوێتە لیستەی چاوەڕوانییەوە.
ئەگەر ژمارەی داواکارانی کۆرسەکە گەلێک زۆر بێت، ئەوا پێویست دەکات پۆلێکی دیکەی بۆ دابنێین.

### چ دەبێت ئەگەر ناوی من لە لیستەی چاوەڕوانیدا نووسرابێت؟

ئەگەر لە ماوەی 3 هەفتە دوای دەست پێکردنی کۆرسەکە پەیوەندیت پێوە نەکرا، تکایە وای دابنێ کە شوێنت بۆ دیاری نەکراوە.

### چ دەبێت ئەگەر ئەو کۆرسەی من دەمەوێت لایەنگری زۆری نەبێت؟

ئێمە هەمیشە و تا ڕادەی گونجاو ناونووسین بە کراوەیی ڕادەگرین، بەڵام ئەگەر خەڵکێکی زۆر کەم ناونووسییان کردبێت بە داخەوە ناتوانین کۆرسەکە دەست پێ بکەین. ئەگەر ئەو چالاکییەی وا تۆ ناونووسیت بۆ کردوە هەڵوەشێتەوە، هەوڵ دەدەین کۆرسێکی جێگری وات بۆ بدۆزینەوە کە جێگەی ڕەزامەندیت بێت. ئەگەر ئەوەش لە گونجان نەهات، هەموو پارەیەکی دابێتت بۆت دەگەڕێنرێتەوە.

### چ دەبێت ئەگەر دوای بەشداریکردن لە یەکەم دانیشتنی کۆرسەکەدا تێ بگەم کۆرسێک نییە بە کەڵکی من بێت؟

ئەگەر هەبێت پێشنیاری کۆرسێکی جێگرت پێ دەکرێت، یا هەموو پارەی مامۆستاییەکەت پێ دەدرێتەوە. ئەوەش بەومەرجەی کە لە ماوەی هەفتەی یەکەمی دەست پێکردنی کۆرسەکەدا بە نووسین ئاگادارمان بکەیەوە. لە ماوەی

هەفتەی یەکەمی کۆرسدا تەنیا یەک جار دەتوانی لە کۆرسێکەوە بچی بۆ کۆرسێکی تر. تکایە لە بیرت بێت کە زۆربەی ئەو پارەو دراوەی وەردەگیرێن £15 حەقی ناونووسینیان لە گەڵدایە و ئەوەش هەرگیز ناگەڕێنرێتەوە.

**چ دەبێت ئەگەر من دواتر، لە درێژەی ساڵدا نەمەوێت درێژە بە کۆرسەکە بدەم؟**

ئیمە بە بودجەیەکی زۆر کەمەوە کار دەکەین و بە داخەوەین کە دوای هەفتەی یەکەمی کۆرس ئیتر ناتوانین پارەکەتان بگەڕێنینەوە.

**چ دەبێت ئەگەر لە سەربنەمای داهات دەرماڵەی حکوومی وەربگرم و بمەوێت بە نرخی دەرماڵە ناونووسی بکەم؟**

دەبێ بۆ سەلماندنی ئەو دەرماڵە وەرگرتنە نوسخەی بەڵگەنامەکەیمان ئاراستە بکەی. بە داخەوە ناتوانین شوێنەکەت بۆ رابگرین تا ئەو بەڵگەنامەیە وەردەگریت.

**چ دەبێت ئەگەر بۆ پەیداکردنی پارەی کۆرسەکە تووشی تەنگژە بێم؟**

ئێمە نامانەوێت هەموو ئەوانەی وا دەرماڵە وەردەگرن و ناتوانن پارەی کۆرسەکان بدەن، بێ بەش بکەین. پێویستە داوای پارەی دەست پێ ڕاگەیشتووی کۆلێج بکەی بۆ ئەوەی بە حیسابی دەست تەنگی بەشێک لە پارەی کۆرسەکەت پێ ببەخشرێت.

**چ دەبێت ئەگەر نەتوانم هەموو پارەی کۆرسەکە بە جارێک بدەم؟**

واهەیە بگونجێت کە بە گوێرەی پلانی دابەش کردنی پارەکە، مەسرەفی کۆرسەکە بە ئەقساط بدەی. تکایە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە کۆلێجەکەمانەوە بکەی.

**چ دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ خوێندنم نەکردبێت؟**

کۆلێج ناوەندێکی پسپۆڕایەتی خوێندنی هەیە کە لە سەر ئەساسێکی بگۆڕ بەڕێوە دەبرێت و یارمەتی ئاراستە دەکات بۆ تۆزتەکاندنی پسپۆڕایەتی خوێندن بە توانای خوێندن و نووسینەوە.

**چ دەبێت ئەگەر کەمئەندام بم و نەتوانم لە قاڵدرمەکان سەربکەوم؟**
هەموو کۆرسەکانمان دەرەتانی ئەوەیان هەیە بە عارەبانە بۆیان بچێت و ئەوەش بۆ ئەوانەی وا تەنگژەی جووڵانەوەیان هەیە( مەگەر بە هۆی سروشتی چالاکییەکەوە پێچەوانەکەی راگەیێنرابێت، بۆ نموونە، لێدانی زەنگ). هەروەها لە ناوەندی ساوث چرچ، لی، و پریت وێل مەسعەدەمان هەیە. بە هەر حاڵ، تکایە ئەگەر تەنگژەیەکی جووڵانەوەت هەبێت، پێش ناونووسی کردن پەیوەندی بە یەکێک لە رێنومایانی خوێندکارانمانەوە بکە.

**چ دەبێت ئەگەر پێویستم بە پشتگیری هەبێت بۆ وەرگرتنی کۆرسێک؟**

چەند رێگایەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئێمە یارمەتیت ئاراستە بکەین. تکایە مەوعیدێک لە گەڵ رێنومایەکی خوێندکاران دا بنێ لە سەر تەلەفونی 01702 445710 و بچۆ بۆ چاوپێکەوتنی. لەوماوەیەدا کە داواکەرییەکەت سەرنجی دەدرێتێ، شوێنێکت لەو کۆرسەی وا داوات کردوە بۆ پارێزراو رادەگیرێت.

**چ دەبێت ئەگەر لە کاتی هاتن بۆ پۆلەکە پێویستم بە شوێنی پارک بۆ ترومبیلەکەم هەبێت؟**
لە سەنتەری ساوث چرچ، پریت وێڵ و شووبری شوێنی پارک کردن هەیە. لە سەنتەری لی هەمیشە شوێنێکی کەم بۆ پارک کردن هەیە، بەڵام پارکێکی ترومبیل لە نزیک شوێنەکە هەڵکەوتوە.

**چ دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمتر لە سێ ساڵ دانیشتووی شانشینەیەکگرتوەکان/یا وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا(EU) بووبێتم؟**
وا هەیە مەجبوور بیت پارەیەکی زیاد بۆ کۆرسەکە بدەیت. بۆ روونکردنەوەی زیاتر تکایە پەیوەندی بە یەکێک لە ڕێنومایانی خوێندکارانەوە بکە.
**چ دەبێت ئەگەر بمەوێت بچمە سەر کۆرسێکی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەوانەی وا بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن(ESOL)؟**
واهەیە بتوانین بە خۆڕایی لە پۆلێکدا دات بنێین. ئەوە دەوەستێتە سەر باروذۆخ و داهاتەکەت. تکایە مەوعیدێک دابنێ بۆ چاوپێکەوتنی ڕێنومای خوێندکاران بۆ ئەوەی لە گەڵیدا باسی ئەو کۆرسانە بکەی کە بۆ تۆ گونجاوترن و هەروەها زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پارەی کۆرسەکە وەربگری.

**چ دەبێت ئەگەر من لە وڵاتی خۆم خوێندبێتم و ئێستا بمەوێت بەشداریی تاقی کردنەوەی GCSEو AS/A2بکەم؟**

وا هەست ناکەین کە کۆلێجی کۆمەڵگایی گەورەساڵان شوێنێکی باش بێت بۆ ئەوەی پشتی خوێندنی ئەم قۆناغەت بگرێت. تکایە پرسیارەکەت هەرچی زووتر ئاراستەی دائیرەی فێرکردن بکە لە سەر ئەم ئەدرەسە:
Education office, Southend on Sea Borough Council, Civic Centre
و ئەم ژمارە تەلەفونە: 01702 215000

**چ دەبێت ئەگەر پێویستم بە کتێبی وانەکان و / یا کەرەسەی زیاتری خوێندن هەبوو؟**
هەموو مەسرەفێکی زیادە، کەمتر بێت و چ زیاتر لە پارەی کۆرسەکە، لە " لاپەڕەی زانیاریی کۆرس"دا دەنووسرێت و هاوڕێ لە گەڵ وەسڵی ناونووسینت لە کۆرسەکە، بۆت دەنێررێت.

کتێبخانەی ناوەندیی ساوث ئێند لە شەقامی ڤیکتۆریا ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەیەی هەیە کە پشتگیری خوێندنەکەت دەکەن، وەک کتێب، رۆژنامە، گۆڤار، دی ڤی دی، سی دی، و هەروەها دەست ڕاگەیشتنی خۆڕایی بە ئینتەرنێت.
بۆ زانیاریی زیاتر تەلەفون بکە بۆ ئەم ژمارەیە:01702 534100

**چۆن ئێمە بدۆزیەوە...**

سەنتەرەکانی چالاکی

Southchurch Centre
Ambleside Drive, Southend on Sea, SS1 2UP

Leigh Centre*

Elm Road, Leigh on Sea

Prittlewell Centre
Chase High School
Prittlewell Chase, Southend on Sea
Tel: 01702 430179

Shoebury Centre*
Shoeburyness County High School
Caulfield Road, Shoeburyness

Queensway Resource Therapy Centre*
Queensway House, Essex Street, Southend on Sea

Southend High School for Boys*
Prittlewell Chase, Southend on Sea

Southend High School for Girls*
Southchurch Boulevard, Southend on Sea

St Mary's Church*
East Street, Prittlewell

* تکایە پەیوەندی بە سەنتەری ساوث ئیندەوە بکە

**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە...**

- نوسخەی نامیلکەی کۆرسەکانمان لە سەنتەرەکانی کۆلیج، لە سوپەرمارکیت یا کتێبخانەکان هەڵبگرە.
- سەردانی ئەم ماڵپەڕەی ئێمە بکە www.southend-adult.ac.uk
- لە سەر ئەم ژمارەیە تەلەفونمان بۆ بکە: 01702 445700
- بەم ئەدرەسە ئیمەیلمان بۆ بنێرە: info@southend-acl-college.ac.uk
- سەردانی سەنتەری ساوث چرچمان بکە لە Ambleside Drive و مەوعیدێک دابنێ لە گەڵ ڕێنومای خوێندکاران.

**ئێمە چاوەڕوان دەمێنینەوە بۆ ئەوەی بەخێرهاتنتان بکەین...**